# وتاری دەسپێکی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی ویفاقی دیموکراتیی کوردستان ـ سووریا

بەڕێزان نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان
بەڕێزان نوێنەرانی ئاژانسەکانی راگەیاندن " بینراو ، دەنگی ، خوێندراوە "
بەڕێزان نوێنەرانی خێزانی شەهیدەکان
میوانە رێزدارەکان ، لە کەسایەتییە نیشتمانییە رۆشنبیرە سەربەخۆکان
هەڤاڵانی خۆشەویست نوێنەرانی کۆنگرەی سێیەمی هاوتەبایی دیموکراتیی کوردی سوریا

سەرەتا رێگەم پێبدەن کە بەناوی سەرکردەو کادیرانی هاوتەبایی دیموکراتیی کوردی سوریا بەخێرهاتنی هەمووتان بکەم و ئەمە رێزێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە بە ئامەدەبوونی ئێوە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەی سێیەمی هاوتەبایی دیموکراتیی کوردی سوریا ئەنجام بدەین ، ئەو بەشدارییەی ئەمڕۆتان لەگەڵ ئێمەدا بە هەنگاوێکی جۆرێتی دەرکەوتوو دائەنرێت لە مێژووی خەباتی بزاڤی سیاسیی کوردستانیدا و لە هەمان کاتیشدا نیشانەیە بۆ ئەو لیکنەپچڕان و پشتگیرییەی نێوان هێزە کوردستانییەکانە لە هەر چوار پارچەکەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گشت ئەو پیلانانەی کە ئاراستەی گەلی کوردستان ئەکرێت بە گشتی.

میوانە ئازیزەکان

ئەوە بەرێکەوت نەبوو کە بە تایبەتی ئەم رۆژەمان هەڵبژارد ، رۆژی ۱۷/۲/ ۲۰۱۰ ، بۆ دەستکردن بە کارەکانی کۆنگرەی سێیەمی هاوتەبایی، بەر لە پێنج ساڵ لەم رۆژەدا واتە لە ۱۷/۲/۲۰۰۵دا سەرکردە کمال شاهین کە بیردۆز و دامەزرێنەری هاوتەبایی دیموکراتیی کوردی سوریا بوو لەلایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە شەهید کرا . ئەوان پێیان وابوو لەرێی ئەو تاوانە چەپەڵەیانەوە ئەتوانن هاوتەبایی لەناو ببەن و هاواری رەوای گەلی کوردمان لە سوریا بێدەنگ بکەن کە رووبەڕووی بیری دیکتاتۆری وەستابووەوە. بەڵێ ... شەهیدکردنی سەرکردە کمال شاهین لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لێدانێکی گەورەبوو بەر هاوتەبیی کەوت لەکاتێکدا کە هێشتا لە سەرەتای پێکهاتنیدا بوو .بەڵام ئەو دەستە تاوانبارانە ئەوەیان لەبیر نەبوو کە گەورەپیاوانی وەك شەهید کمال تەنانەت لە مردنیشیاندا ژیان دروست ئەکەن ، بۆیە کمال شاهین بووە سیمبولی کورد لە کوردستانی سوریا. ئەمڕۆش کاتێك کە کۆنگرەی سێهەممان لە پێنجەم بیرەوەری ساڵانەی شەهیدکردنی سەرکردە کمال شاهیندا ئەبەستین مانای ئەوەیە کە بە گشت پێداگرتنێکەوە بەرەوپێش ئەچین بەرەو زیندووکردنەوەرێبازی هاوتەبایی کە رێبازەکەی شەهید کمال شاهینە . هەر لەو راستییە چەسپاوەوە دانیشتنی یەکەممان لەژێر دروشمی " وەفاو بەڵێن بۆ شەهیدانی هاوتەبایی ، شەهیدانی وشەی ئازاد و بیری جیاواز " نوێدەکەینەوە.

میوانە ئازیزەکان

ئەمڕۆ مەسەلەی کورد لەسەر گشت ئاستەکان پێشکەوتنێکی گەورەو وەبەرچاوی بەخۆوە بینیوە و سیاسەتەکانی دوورخستنەوە و نکولیکردن و تواندنەوەی نەتەوەیی لە توانایدا نەماوە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی پاکتاو بکات . سەدەی بیست و یەکەم مەسەلەی کوردی خستۆتە ئەجێندەی کارەکانی دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی لەدوای ئەو دەستکەوتە مەزنەی کە کورد لە کوردستانی عێراقدا بەدیهێنا کە ئەویش دروستبوونی هەرێمی کوردستانە لە چوارچێوەی عێراقێکی نوێی فیدراڵدا . ئەو هەرێمەی کە بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ کوردی گشت بەشەکانی تر.



کاتێك ئێمە ئەمڕۆ ئەم کۆنگرەیەمان ئەبەستین بە ئەمادەبوونێکی وەبەرچاوی حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان و ئەو گشت هۆیانەی راگەیاندن باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو راستییە.بۆیە داواکارم رێگەم بدەن سوپاس و پێزانینێکی زۆر پێشکەش بە سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم بۆ ئەم هەڵوێستەیان وبۆ لەباوەشگرتنی حیزب و کۆمەڵە کوردستانییەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی . ئێمە پێمان وایە ئەو رۆڵە دیپلۆماسییەی کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەیبینێت لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتی و خۆرهەڵاتە ناوەندییەکاندا بووەتەهۆی ئەوەی کە مەسەلەی کورد جێ سەرەنجی گشت هێزە دۆستەکان بێت . ئەمڕۆ جیهان لەسەر بنەمایەکی نوێ مامەڵەی مەسەلەی کورد ئەکات و گرنگییەکی زۆری پێ دەدات و بووەتە کارە لەپێشینەکانی گەلێك لە ئەجێندەکانی سیستمی جیهانی نوێ. کوردیش لە رێی ئەزموونە دیموکراتییە نوێیەکەیانەوە بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا ئەوەیان سەلماند کە ئەوان گرنگترین هێزن کە ئەتوانن دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەندا بچەسپێنن و بەشێوەیەکی ئاشتییانە و لەسەر بنەمای برایەتی لەگەڵ ئەو پێکهاتە و لایەنانەی تردا بژین کەلەم ناوچە پڕ هەستەی جیهاندا دەژین.لە سونگەی ئەم راستییە چەسپاوەوە پێویستە ئێمە زۆر بە جیدی کاربکەین بۆ پارێزگاریکردنی ئەم ئەزموونە بێ وێنەیە و سوودلێوەرگرتنی وەك نموونەیەکی زیندوو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەبەشەکانی تری کوردستاندا. هەروەها ئەو هەڵوێستانەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هێزەکوردستانییەکانی هەرێم سەبارەت بە کۆردستانێتیی کەرکوك و جیبەجێکردنی مادەی ۱٤۰ بەرز ئەنرخێنی و رێزمان هەیە بۆ ئەو ئەزموونە دیموکراسییەی هەرێمی کوردستان چ سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی پێشوو بێت یاخود ئەو کێبڕکێ و فرە لیستیەی ئەمڕۆ ئەیبینین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیی داهاتوو.

بەڕێزان

ئەو بەرەوپێشچوونەی کە مەسەلەی کورد لە تورکیا لەم ماوەیەی دواییدا بەخۆیەوە یوە بە هەنگاوێکی جۆرێتی و وەرچەرخانێکی گرنگ دائەنرێت لەمێژووی خەباتی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ترکیا . ئەوەش گشتی ئەنجامی ئەو هەوڵە گەورانە بوو کە گەلە خەباتگێڕەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا دای ، پێشمان وایە ئێستا کاتی گفتوگۆ و دانوستان لە نێوان حکومەتی تورکیا و نوێنەرانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا هاتووەبۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی رەواو دیموکراسی مەسەلەکە. پێمان وایە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتخوازی کە حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان ،هەرچەندە دواکەوت، دەستپێشخەرییەکی ئەرێنی و باشە . بەڵام لە دوای داخستن و قەدەغەکردنی چالاکییەکانی حیزبی کۆڕی دیموکراتیی و رێگرتن لە کاریی سیاسی گەلێك لە کارگێڕانی ئەم حیزبە بە هەنگاوێکی رووشێنەری جەماوەری کوردی کوردستانی تورکیا دائەنرێت.لەم روانگەیەوە ئێمە ئەو کارە نایاساییە سەرکۆنە دەکەین کە بە مەبەستی لێدانی ئیرادەو خواستی کورد ، بۆیەحکومەتی تورکیا بەتەواوی بەرپرسیار ئەکەین سە بارەت بەوەی کە لە ئاییندەدا لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵانەیدا رووئەدات .

سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران، ئەوە زۆر ئاشکرایە کە ئەو سیاسەتانەی کە خۆرئاوا دەیانگرێتەبەر سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانی راست و دروستە و ئەو نیگەرانییەی کە هێزە جیهانییەکان دەری ئەبڕن لە چوارچێوەی ترسی بەخاوەنبوونی ئێرانە بۆ تەرسانەی ئەتۆمی لە خۆرهەڵاتی ناوەندا . لەلایەکەوە رژێمی مەلاکانی ئێران دەستی بەسەر بەشێکی گەورەو گرنگی کوردستاندا گرتووە و بەهۆی ئایدۆلۆژییە دیکتاتۆرییەکەیەوە . ئەوەش زۆر روونە کە هەڵوێستی هێز و حیزبە کوردستانییەکان سەبارەت بە پێشهاتەکانی گۆڕەپانی ئێرانی چ لەسەر ئاستی دەرەوە کە پەیوەنیی بە هەڵویستی هێزو دەوڵەتانی جیهانەوە هەیە سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران ، یان لەسەر ئاستی ناوخۆ کە شۆڕشی چاکسازی بە سەرکردایەتیی کەروبی و موسەوی بە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان ئەشکێتەوە لە کوردستانی ئێراندا. لەلایەکی تریشەوە ئەو شاڵاوی لەسێدارەدانەسەرکۆنە دەکەین کە رژێمی مەلاکان پەیڕەوی ئەکات بەرامبەر بە باشترین رۆڵەکانی گەلی کوردمان و تەنانەت نەتەوەکانی تر کە دژ بەرژێمی ئێرانی ستەمکارن کە دەستیان گرتوە بەسەر میللەتانی ئێراندا. بۆیە لەم مینبەرەوە داوا لە هێزە دیموکراتخوازەکانی جیهان ئەکەین کە فشار بخەنە سەر ئەم رژێمە تاوەکو ئەو تاوانانەی دەرهەق بە مرۆڤایەتی رابگرێت.

میوانە ئازیزەکان

ئەو شەپۆلی گۆڕانە دیموکراتیەی کە لەسەدەی بیست و یەکەمدا جیهان بە خۆیەوە دی و گەلێك شوێنی جیهانی گرتەوە لەوانە گەلێك لە وڵاتانی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەند توانی گەلێك لە رژێمە دیکتاتۆرییەکان لەناو ببات لەپێش هەموشیانەوە روخانی رژێمی بەعسی سەدامی لە عێراق و رژێمی تالیبان لە ئەفغانستان . ئەوەش زۆر ئاشکرایە کە رژێمی بەعسی فەرمانڕەوا لە سوریا نەیتوانیوە تەنانەت گەر بۆ تاکە جارێکیش بێت سوود لەو شەپۆلی گۆڕانە وەرگرێت کە گشت جیهانی گرتەوە، بەلکو تەواو بە پێچەوانەوە

رژێمی فەرمانڕەوا هەلی قۆستەوە بۆ درێژکردنەوەی مانەوەی چەندە لە توانادا بێت ئەوەش لەڕێی هاوپەیمانێتی بەستن لە گەڵ ئێراندا و هاندانی رێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ناوچەکە بۆ دروستکردنی ململانێ و شەڕی ناوخۆ " وەك بزوتنەوەی حەماس و حزب الله" و یاریکردن بەو کارتە براوەیە - بە بۆچوونی خۆی - لە بەرامبەر هێزە جیهانییەکاندا کە داوا لە سوریا ئەکات چاکسازیی دیموکراتی لەناو وڵاتدا ئەنجام بدات ، بەڵام لەبری گوێدانی ئەم رژێمە بەو شەپۆلە و بەدەمەوەچوونی ئەو بانگەوازانەی کە رێکخراوە مافپەروەر و دیموکراتییەکانی جیهان سەبارەت بە مەسەلەکانی ماڤی مرۆڤ ئەم رژێمە زیاتر دەستی نایە بینی هێزە دیموکراتخوازە ئۆپۆویسیۆنەکان بەتایبەتی دژی جەماوەری کوردو بزاڤە سیاسییەکەی لە کوردستانی سوریا.لەو رووەوە دەستیکرد بە گرتنی سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لە راگەیاندنی دیمەشق وەك " فداو الحورانی و أنور البنی، ...." لەلایەکی ترەوە پرۆژە ستەمکارییەکانی دەرهەق بە کوردستانی سوریا برەوپێدا و ترسناکترنیشیان مەرسومی ٤۹ یە کە کاریگەریی نەرێنی و دەرەنجامی خراپی هەبوو لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری . ئەم رژێمە هەر بەوەوە نەوەستا بەڵکو شاڵاوێکی گرتنی بەرفراوانیشی ئەنجامدا کە گەلێك لە سەران و سەرکردەکانی بزاڤی سیاسی کوردستانی سوریای گرتەوە کە هێشتاکە ئەوانە لە زینداندان . لەلایەکی تریشەوە دیاردەی کوشتنی سەربازە کوردەکانی ناو سوپای سوریا مەترسییەکی راستەقینەی دروستکردووە لەسەر پاشەرۆژی لاوانی کوردی سوریا. ئەم تاوانانە کە لە بارودۆخێکی نادیاردا بوون لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا بۆ چل جار دووبارەبوونەتەوە ، وا دیارە ئەمە هەڵمەتێکی رێکخراوە بەرامبەر بە هێزە زۆرچالاکەکانی کوردستانی سوریا کە ئەوانیش لاوانن.

سەمەرەکە لێرەدایە ، سەرەڕای فایلەکانی گەندەڵی و مافەکانی مرۆڤ و توانەوەی نەتەوەیی دژ بە گەلی کورد لە کوردستانی سوریا ، هێشتاکە هەندێك لە هێزە جیهانییەکان مامەڵە لەتەك رژێمی فەرمانڕەوای سوریا دەکەن ، بەتایبەتی ئەو دڵنەواییەی کە فەرەنسا بۆ سوریای دەکات و لە دەزگا نێودەوڵەتییەکاندا رۆڵێك ئەدات بەو رژێمە و سەرانی گەلێك زیاترە لەوەی کە شایستەیان بێت . ئێمە لەم شوێنەوە ناڕەزایی و بێزاریی خۆمان نوێ ئەکەینەوە بەرامبەر بەو کاری سەرکوتکردنانەی کە رژێمی فەرمانڕەوای سوریا دەیانگرێتەبەر ، ئێمە بەگشت هێزێکمانەوە کار ئەکەین بۆ ئەوەی ئەو رژێمە ناچار بکەین کە گشت گیراوەکان لەسەر بیروڕا بەربدرێن و گرتن بەهۆی فایلی سیاسییەوە کۆتایی پێبهێنرێت. داواش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەکەین کە فشار لەسەر ئەو رژێمە دابنێت تا رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و چارەسەری رەوا بۆ مەسەلە چارەنووسسازە هەڵپەسێراوەکان دابنێ و لەپێش هەمووشیانەوە مەسەلەی کورد.

لەڕوانگەی گشت ئەو راستییانەوە ئێمە لە هاوتەبایی دیموکراتیی کوردی سوریا پێمان وایە کە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە سوریا نایەتەدی .....

درێژە لە لاپەڕەی ۲